# پێکهێنانی حکومەت چارەسەری قەیرانەکان ناکات



وتار

2014-03-30

**Source: facebook.com / 3kontrakt & kurdistanpost.com**

ناسر حەفید:

(ئەوەی خراپی ئەکات، ناتوانێت چاکی بکات)
هاوکات لەگەڵ بێتوانایی پێکهێنانی حکومەتدا پارە لە بانکدا نامێنێت و فەرمانبەران موچە وەرناگرن. لای هەندێک کەس گرفتی بانک دەبەسترێتەوە بە دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەتەوە. بەڵام ئەمە راست نییە. پێویستە چەند راستییەک بخەیەنە بەرچاو:

1. چۆڕانەوەی بانک لە پارە پەیوەندیی نییە بە دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەتەوە. چۆڕانەوەی بانک پەیوەندیی هەیە بە سروشتی پارتەکان و حکومەتەکانیانەوە کە پارت و حکومەتی سیاسیی نین.
ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی پێشووی "کۆنتراکت" ئەو زانیارییەی خستۆتە روو کە:
"هەموو دەستەڵاتێک سیاسیی نییە."

2. چۆڕانەوەی بانک یەکێکە لەو ئاکامە ئابورییانەی کە نەبوونی حکومەتێکی سیاسیی و لە هەمان کاتدا پیسخۆریی خستویەتیەوە.

3. پێکهێنانی حکومەت چارەسەری قەیرانی ئابوریی ناکات کە چۆڕانەوەی بانک یەکێکە لە دەرکەوتەکانی. ئەوەی خراپی کردووە ناتوانێت چاکی بکات.

سەرئەنجام
نەبوونی حکومەت قەیرانە بەڵام دروستبوونی چارەسەری قەیرانەکان ناکات.
وەکو کۆنتراکت 14 ساڵ لەمەوبەر نوسیبووی:

چارەسەر لە دەرەوەی پارتەکانە.

گەلی کورد پێویستە لە کۆنتراکتێکی سیاسییدا خۆی ڕێکبخاتەوە. ئەگینا دوبارەکردنەوەی تاقیکردنەوەکان هەمان ئەنجام ئەدەن بە دەستەوە. جگە لەوەی کەڵەکەبوونی ئەم ئەنجامە دژوارانە شکستی گەلەکە قورستر دەکات. خۆ ڕێکخستنەوەش لە کۆنتراکتێکی سیاسییدا ئەرکی حیزب و دەستەڵاتدارەکان نییە. ئەوان سروشتی خۆیان دەرخستووە. ناتوانن شتێک بکەن جیاواز لەوەی کە تائێستا کردوویانە. وەکو "کۆنتراکت" 14 ساڵ لەمەوبەر نوسیبووی: "پارتەکان ئەو قۆناغەیان بەجێ هێشتووە ڕەخنەیان لێ بگیرێت."

خۆ ڕێکخستنەوە ئەرکی سەرشانی یەک بە یەکی ئەندامانی گەلە. پێویستە هەر یەکە لە ئێمە بۆیاخچیی، حەماڵ یان مامۆستا بێت خۆی بە شێخ مەحمودو قازی محەمەد بزانێت لە ئاستی کێشەی خاک و نەتەوەدا.

ناسر حەفید

سەنتەری لێکۆڵینەوە کۆنتراکت